# ماشاڵلا که بێ ئەقڵن



**ئاسۆ عەلی فەرەج**

aso_ali2003@yahoo.com

رەنگدانەوەی يارييەكانی مۆنديال بۆ ئەو وڵاتانەی كە بەشدارييان كردووە و قۆناغەكانيان بڕيوە شتێكی ئاساييە، ئەگەر لە بەرامبەر دۆڕاندنی هەڵبژاردەی وڵاتەكەی خۆی بكوژێت، چونكە ئەوە ئينتيمايە، بەڵام هەرگيز ئاسايی نيە لە كوردستان بە بيانووی ئەوەی كە هاندەری هەڵبژاردەی بەرازيل بيت و بەرازيل بە ملی شكاوی دۆڕاوە و چەند گەنجێك وەك رەنگدانەوەيەك بۆ ئەم دۆڕانە فيشەك بە خۆيانەوە بنێن و كۆتايی بەژيانی خۆيان بهێنن، ئەمە نيشانەی لاوازی و ئەو پەڕی بێ ئەقڵييە نەك خۆشەويستی، ئينتيما بوون بۆ هەڵبژاردەيەكی وڵاتێك هەرگيز بە وشەيەكيش خزمەتی بە دۆزەكەی تۆی نەكردووە، چ رەوايە تۆ بۆ دۆڕانێك ژيانی خۆت بكەيتە قوربانی، بۆ ناچی لەبەردەم شەپۆلی بەعەرەبكردن ناجەنگی، بۆ ناچی لەبەردەم شەپۆلی توندڕەوی توركەكان و فارسەكان و عەرەبە بێ ئەخلاقەكان بجەنگی بۆ مافەكانی نەتەوەكەت؟؟؟؟؟

لە چەمچەماڵ و ئاكرێ و چەند شوێنێكی ديكە گەنجانی كورد خۆيان كوشتووە بەو هۆيەی بەرازيل دۆڕاوە، وەك گوتم ئاسايی بوو هاووڵاتيەكی بەرازيلی خۆی بكوژێت و وەك رەت فيعلێك نيشانی بدات، بەڵام ئێمە بۆ كێ رەت فعلمان هەبێت...

كايە كۆمەڵايەتی و ئابووری و سياسييەكانی كۆمەڵگەی ئێمە هێندە سەخيفنە رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر گەنج كە تواناى نەبێت بەسەر ئەو ئاستەنگە دەروونيانەدا زاڵ بێت.

لەوانەيە ئەم جۆرە رووداوانە بخەينە قاڵبێكی زۆر سادە و ئاسانەوە و هێندە بە پەرۆشەوە نەڕوانينە قەبارە و جۆر و چۆنيەتی ئەو رووداوە.. بەڵام لە هەر پێوەدانگەيێكەوە خوێندنەوەی بۆ بكەی دەگەيتە ئەو خاڵەی كە لاواز بوونی توانا و ئيرادەيی گەنجان و دواتر نەمانی ئينتما بۆ نيشتمانەكەی لە پەرەسەندندايە و رۆڵی هەموو لايەنەكانيش لە ماوەی ئەم چەند ساڵە سفر+ بێ ئەقڵی....